بەڕێزان / پەرلەمانی کوردستان
کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەیوەندیدار بەدابین کردنی کارەباوە
سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان

بابەت / داواکاری

بەڕێزان خۆتان ئاگادارن خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان لەزۆر خزمەتگوزاری سەرەتایی ژیانی هاوچەرخ بێبەشە , بەم دواییانەش کێشەی کارەباو سوتەمەنی و زۆرێك لەخزمەتگوزاریەکانی ژیانی ئاسایی هاتۆتە سەر , ئەم کێشانە بەجۆرێك ژیانی خەڵکی تاڵ کردووە و گرفتەکانی ژیانی ئاسایی هاوولاتیانی هێندەی تر ئاڵۆز کردووە , کەمرۆڤ ناتوانێت تەحەمولی بکات .
لەڕوانگەی بەتەنگەوەهاتنمان بۆئەم کێشانە داوادەکەین لەبەڕێزتان بەئەرك و لێپرسراوێتی خۆتان هەستن و هەنگاوی پێویست بۆچارەسەر کردنی ئەم کێشانە بنێن , پابەند بن بەدابین کردنی ماف و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی هاوولاتیان , ئەگینا کەم و کوڕیەکانی حکومەت لەمە زیاتر پاساو هەڵناگرێت و ئێمەش ناچار دەبین بەهەر ڕێگەیەکی یاساییانەو مەدەنیانە کەخۆمان بەگونجاوی بزانین ڕوبەڕوی کەمو کوڕیەکانتان ببینەوە .

لەگەڵ ڕێزماندا .......
لەبەرواری 6/30 تا 7/7 / 2006 چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین

ژمارە مۆبایل //
07301221755
07701303105

07701465784

07504196704
Muhemedhusen@yahoo.com

هەڵمەتی داکۆکی کردن لەمافەکانی هاوولاتیان :
پێکدێت لە کۆمەڵێك ڕێکخراوی مەدەنی وفێرخوازو گەنج و کەسایەتی سەربەخۆ.